# پێشێلکاری و سەرکوتی ئازادی سیاسی و رادەربرین

# لەژیر سایەی هەردوو حکومەتی یەکیتی و پارتی دا لاپەرەکان رەش دەکەنەوە!

نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk



رفاندنی د. کەمال سید قادر، جاریکی تر خەسلەتی سەرکوتگەرانەو دژی ئازادی بوونی دەسەلاتەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی تەئکیدکردەوە. بەلام ئەم رووداوە ئەلقەیەکە لەزنجیرەی تیپەرکردنی دەورەیەك لەپەلاماردانی یەکیتی وپارتی بۆسەر ئازادی هەلسوورانی سیاسی و دەربرینی بیرورا و مافی خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری کەبەرووی گەندەلی ئیداری وسیاسەتی چەوتی ئەم حیزبانەو دەسەلاتەکانیایندا هاتوتەکایەوە. ئەوەی لەخوارەوە بەعینوانی پیشیلکاری و سەرکوتکردنی مافەکانی خەلکی کوردستان ریزیان دەکەین. دەرخەری ئەو راستیەیە کە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بەتەوای پیچەوانەن لەگەل ماف و ئازادیەیە سیاسیەیەکان لەکوردستان. ئەمانە ئەوحیزب ودەسەلاتانەن کەرەوشتی راوەستانەوە بەرامبەر بەخەلکی کوردستان و ئازادیەیەکانیان وپیشیلکاری وسەرکوت گەریان بۆتە گۆشەیەکی تەواکەر لەسیاسەتی دەستخستنە نیو دەستی ئەمریکا وگریدانی هاوپەیمانیتیان لەگەل کۆنەپەرستانی ئیسلامی و دەیان هیز و لایەنی قەومی وعەشیرەتی وپشت تیکردن لە خۆاستی سەربەخویی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی ئازاد و سکولار .. لەراستیدا ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی ناتوانیت نۆرمال وەك هیز و لایەنی مەدەنی رەفتار لەگەل خەلك و کۆمەلگادابکەن ودەسەلاتیکی مەدەنی دامەزرینن. ئەمانە بۆقازانجی خۆیان و گیرفانپرکردنیان، ئامادەن گەندەلترین و دزیوترین شیوەی دەسەلات لەسەرحسابی زەوتکردنی ماف و ئازادیەیەکانی خەلکی بەریوەببەن وهیچ باکیشیان لەومیژوە رەشە نیەیە کەتییدەپەرینن.

لەدەورەی رابردوودا و بەتایبەتی لەسالانی سەرەتای راپەریندا یەکیتی وپارتی کەبەتەبلیغاتی چەواشەکارانەیان خەلکیان بەوە دەناردەوە نیومال کە" حکومەتەکەمان هیشتا ساوایە"، "هیشتا مەترسی رژیمی صدام و پەلامارەکانیمان لەسەرە" ،"بارودۆخ ناسکەو نابی لەخۆمانی تیکبدەین" ،"نامانەویت دوستایەتی دەولەتانی دراوسی بدۆرینین".. و بەوهۆیەوە هیشتا تەپ و تۆزی شاخیان بەشانەوەبوو، ئەیانتوانی بەناوی کوردایەتیەوە دەستدریژی و پیشیلکاریەیەکانیان پاساوبدەن، بەلام ئەمرۆ پاش 14 سال لەحاکمیەتیان هەموو شتیك ئاشکرابووە. خەلکی کوردستان ئیتر لەگەل پیشرەوی ژیانی شاری ومەدەنی یاندا ناتوانن سیاسەت و کارنامەی دزی وجەردەیی ئەم حیزبانە تەحمولبکەن و لەولاشەوە سەرکوتبکرین، ئیتر نەکوردایەتی و پیرۆزی خاك و ئالا و نەسەرگوزشتەی پیشمەرگە دیرینەکان دەتوانی خەلکی لەچاوەروانی و خۆشخەیالیدا بەدیار سیاسەتی پوچ و سیستەمیکی ناعادیلانەوە راگری. خەلکی کوردستان بەرۆشنی فاسیلەی نیوان ئاستی ژیانیان خۆیان و ئەو هەموو سەروەت و سامانەی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەگیرفانیان ناوە دەرك پیدەکەن. بۆیە لەگەل هەر هەلسوکەوتیکدا سەرانی یەکیتی وپارتی رووبەرووی رق و تورەیی وبگرە راپەرینی شاری خەلك دەبنەوە..

.ئەو پیشیلکاریانەی کەلەلیرەدا دەیانخەینەروو، کۆکراوەی رووداوەکانی چەند مانگی رابردوووە. کەدیارە ریژەکەیان یەکجارلەوە زیاترە، بەلام ئەمە ئەولیستەیە کەتوانراوە لەنیو بلاوکراوەو سایتەکان و دەزگاکانی راگەیاندنەوە کۆبکرینەوە و بخرینەروو. هاوکات ئەم لیستە لەپیشیلکاری وەبیر هینانەوەی لایەنەکانی ئەو نارەزایەتی و بزوتنەوە ئیعترازیەیە دەخاتەروو کەهەر لەم ماوەیەدا بەرووی ئەم پیشیلکاریانەدا لەلایەن بەشەکانی خەلکی کوردستانەوە

**تۆمارکراون، .. ئەم ڕاستی‌یانە هەرچەند کەم و بچوکن لەچاو کارنامەی ڕەشی یەکیتی وپارتیدا، بەلام ئەتوانی گۆشەیەکی تر لەهەقیەقەتەکانی ئەم حیزبانە بخاتەروو:**

- ڕۆژی 2005/10/26 د. کەمال سید قادر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرفینریت و سەرنگوندەکریت بەهۆی دەربرینی مخالەفەتی بەپارتی و ڕەخنەگرتنی، کەپاش چەند ڕۆژ لەژیر نارەزایەتیەکی فراواندا دەردەخریت.
- لەمانگی 2005/9 دا گروپیکی لاوان بەناوی گروپی تارمایی لەبەرامبەر گەندەلی ئیداریدا دەیانەویت خۆپیشاندان ریکبخەن، بەلام وەزارەتی ناوخۆ ریگای لیگرتون – هاولاتی ژمارە 243 ڕۆژی 2005/9/28 لاپەرە ی یەکەم.
- دکتۆر فرهاد پیربال و هاوریکانی لە زانکۆی سەلاحەدین بریاری دەرکردنیان دەدریت، پاش ئەوەی کەبەهانەیان بۆ دەدۆزنەوە بۆ نقلکردن بۆ زانگۆی تر و ئەمان رازی نابن.
- 2005/10/26 فەتاح زاخۆیی وەزیری رۆشنبیری لەحکومەتی سلیمانی ناچار بەئیستقالەکردن کرا کە دەنگی بەدەستور نەداوە.
- مجید صالح کە سەر بەیەکیتی خۆیەتی و لەسەر ڕەخنەگرتن لەسەر کەمتەرخەمی دەسەلات دەرکراوە.
- بەدوای دەنگدانی دەستوردا ڕۆژی 2005/10/18 لەئاکری لەبەرامبەر گەندەلی ئیداریدا خۆپیشاندانیکی گەورە دەکریت لەدوایدا دەبیتە هۆی سوتانی دوو بەنزینخانە و بەدوایدا لەخۆپیشاندەران 15 کەس دەستگیر دەکریت و لەزیندنەکانی پارتیدا ژیان بەسەر دەبەن.
- وەلام دانەوەی خۆپیشاندەرانی خەلکی کەلار بەتەقەو بریندار بونی ژمارەیەك لەخۆپیشاندەران، کەئەم خۆپیشاندانە خواست وداواکاری خەلکی کەلاری بەرزکردبۆوە لەرۆژی 2005/9/7 دا. کەجیالەوەی ژمارەیەك بریندار دەبیت بەتەقەی هیزەکانی یەکیتی پاش بریندار بون کاروان حەسەن عزیز قاچیکی دەبرنەوە.
- ڕۆژی 2005/7/9 پاش ئەوەی کنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەیانیکی بلاوکردبۆوە لەسەر خۆپیشاندانی شۆفیرەکان لەبەرامبەر گرانی نرخی بەنزین، ئاسایشی سلیمانی حکومەتەکەی یەکیتی لەشوینی کۆبونەوەکە لەنزیك بەنزیخانەی شیخ ئەحمەدی هیندی زمناکۆ عەزیز و ریبوار عارف لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکیتی دەستگیر دەکەن و دەیانبەنە ئاسایش بۆ لیکۆلینەوە.
- لەخۆپشاندانیکی هیمنانەی شوفیرەکانی شاری سلیمانی ڕۆژی 2005/7/17 بۆ خواستەکانیان کۆبونەوەیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا کردوە، وەلامی خۆپیشاندەران بەتەقە دەدریتەوەو بەدوایدا 12 کەسیان لی دەستگیردەکەن و بەپی بەیانیکی کۆنگرەی ریفرانۆدۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە 7/27 دا تا ئەوکات ئەو شۆفیرانە لەزینداندان.
- ئاسایشی سلیمانی ریبوار عارف بەرپرسی کەمپینی رییفراندۆم بۆ دادیگایکردنی صدام حسین، دەستگیرو زیندانی دەکات، لەسەر ووتەیەکی لەخۆپیشاندانی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی ڕۆژی 2005/5/4، بەمە حکومەتەکەی یەکیتی لەسلیمانی دەکەویتە بەر نارەزایەتیەکە فراوان لەئاستی دنیاداو دەولەتی فنلاندیش نامە ئاراستەی حکومەتەکەی بەرزانی دەکات .
- هاوکاری هەردوو دەسەلاتەکەی پارتی و یەکیتی لەهیرش بۆ سەر پەنابەران، بەسات و سەودایان لەگەل دەولەتانی پەنابەر نشین، وە خستنە ئیختیاری فرۆکەخانەکانیان بۆ گیرانەوەی پەنابەران هەروەها کردنەوەی ئۆفیسی ئای ئۆ ئیم بۆ ریکخستنی گیرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی.
- لەپاش 14 سال لەدەسەلات و کەلەکەی سەروەت و سامان، لەسالی نویی خویندندا هەزاران قوتابی لەخویندن بیبەشن، لاپەرە 1ی هاولاتی ژمارە 243 ڕۆژی 2005/9/28 سەیر بکەن.

- مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین پاش ئەوەی لە2005/7/1 دا داواکاری پێشکەش بە پەرلەمان و لایەنە بەرپرسەکان دەکەن بەلام وەلامیان پی نادریتەوەو خۆیان بۆ خۆپیشاندان ئامادەکەن.
- لەمانگی 2005/10 دا لەسەر داوای یەکیتی نیشتمانی بەرنامەی دوو میوان کە لەتەلەفزیۆنی زەحمەتکیشانەوە بلاو دەبیتەوە، رادەگیریت بەهۆی ئەوەی ئەو بەرنامەیە زۆر رەخنە لەدەولەت دەگریت. هاولاتی ژمارە 244.
- رۆژی 2005/10/3 لەقوتابخانەی دواناوەندی بیخالی تیکەلاولە کۆمەلگای مەلا ئۆمەر ، بەریوەبەری قوتابخانەکە هەشت جگەرە لەسەر دەستی قوتابیەك بەناوی دیار محمد دەکوژینیتەوە. هاولاتی ژمارەی 245
- رۆژی 2005/7/28 عومەر فەتاحی سەرۆکی حکومەتی یەکیتی، لەبەر ئەوەی پارەی تەلەفون قەرزار بووە پاش ئاگادارکردنەوەی تەلەفونی مالەکەی دەبرن، لەسەر ئەمە عومەر فەتاح دوو کارمەندی کوردتیل فەسل دەکات. هاولاتی 245
- رۆژی 2005/6/19 ئاسایشی هەولیر لەکۆیە پەیامنیری هاولاتی حەویز حەویزیان راپیچی لیکۆلینەوە ئەکات، لەسەر ئەوەی هەوالی شەری نیوان چەند ئاسایشیکی هەولیر و کۆیەی لەهاولاتیدا بلاو کردۆتەوە. هاولاتی ژمارە 229.
- پەیامنیریکی هاولاتی بەناوی سەید موحەمەد سەروچاوەیی دەچنە سەر مالەکەیی بۆ دوو رۆژ زیندانی دەکەن. هاولاتی 235 .

- بەدوای ریپیوانی خەلکی رانیە لە 2005/6/21 دا لەبەرامبەر گەندەلی ئیداریدا، پەروەردەی رانیە تۆلە لە مامۆستا خەلیل عەلی کەیەکیك بوە لەئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی مانگرتنەکە دەکەنەوەو لەمیلاکی پەروەردەی رانیەوە بەپی ی بریاری ژمارە 4771 ی رۆژی 6/27 دەگویزنەوە بۆ میلاکی پەروەردەی گەرمیان.
- حەمید فەندی وەزیری پیشمەرگەی حکومەتەکەی پارتی لەهەولیر بەدوای 4 ژندا خەریکی مارەبرینی ژنی 5 م بوە، کە ئەویش کچیکی تەمەن 26 سالە بەناوی ئاوات مەعروف، لەکاتیکدا وەزیری پیشمەرگەی پارتی نزیکی 3 جار لەکچەکەگەورەترە. هاولاتی 234.
- رۆژی 2005/8/6 لەخۆپیشاندانیکی هیمنانەی کۆمەلیك خەلك لەشاری سلیمانی بۆ پیشتگیری کردن لەمانگرتنەکانی خەلکی کوردستانی ئیران، ئاسایشی حکومەتەکەی یەکیتی بەتەقەکردن بەسەر خەلکەکەدا بلاوە بەخۆپیشاندانەکە دەکات.

14-11-2005